Sorani
Bra bostad

# خانووبەرەی باش مافێکە بۆ هەمووان

ڕۆژی هەڵبژاردن ١٧ سێپتەمبەر (٢٦ گەلاوێژ) بڕیار لەسەر ئاییندەی سوێد دەدرێت و ئەوە من و تۆین کە هەڵدەبژێرین. ئێمە هەموومان هەمان بەرپرسیاریمان هەیە، دەنگەکانمان هاوسەنگن. ئایا سیستەمی خۆشگوزەرانیی باشتر بکەین یان لەو ڕێگایەوە کە هەر پێنجهەمین کرۆنێکی باج لە خەزنە هاوبەشەکەمان لاببەین، خراپتری بکەین؟ ئایا مۆدێلی سوێدیی پێشبخەین – یان وازی لێبهێنین؟

بۆ ئێمەی سۆشیالدیموکرات خانووبەرە مافێکە بۆ هەمووان. لە سوێد هەمووان دەبێت بتوانن بە نرخێکی ماقووڵ دڵنییا و باش بژین. ژینگەی خانووبەرە گرینگە لە دروستکردنی پێوەندی پێکەوە ژیانکردنی یەکسان و بە نرخدا. لەبەرئەوە هەنگاوەچارەی سیاسی پێویستە لە بازاڕی ژیانی کاردا، نە هەر بە تەنها لە چارەسەری بازاڕدا. سیاسەتی خانووبەرە دەبێت هەمووان بگرێتەوە. بۆ ئەوەی ئەمە بکرێت هەنگاوەچارەی تایبەتی پێویستە بۆ ئەوەی کە بۆ نموونە هەلی لەبارتر بۆ هەبوونی خانووبەرە بۆ لاوان، پیران و دەربەدەر شیاو بکرێت.

ئێمە ناتوانین پێ دابگرین کە سیاسەتی خانووبەرە باش دەڕوات کاتێك کە گەلێك کەس، نە هەر بە تەنها ئافرەتان و بەساڵداچووان، لە ناوچەی خانووبەرەکانی خۆیاندا هەست بە نادڵنیایی دەکەن. یان کاتێك کە لاوانی پێگەیشتوو ناچار دەکرێن هەر لای دایکوباوکیان بژین و بمێننەوە. کاتێك کە مرۆڤ گەورەساڵ بوو و خواستیماڵی باوان بەجێبهێڵێت دەبێت خانووبەرەی باش بە نرخی ماقووڵ لە بەردەستدا هەبن.

### گەرانتی کرێخانوو شانسێکی باشتر دەدات کە یەکەم خانووی خۆتت دەست بکەوێت

گرفتێك کە ڕێگا لە لاوان دەگرێت کە لە ماڵی دایکوباوکیان بڕۆن ئەوەیە کە خاوەن خانووبەرەکان دەترسن لەوەی کە پارەی کرێنشینیەکەیان لە لاوانی گەورەساڵ دەست نەکەوێت کە کاری پڕیان (تەواویان) نییە. بەڵام هەروەها لاوانێك کە شیاوکاری ئابووریان هەیە کە بتوانن پارەی کرێخانووی خۆیان بدەن هەر بە زەحمەت دەتوانن هەموو ئەو داوا ڕەسمیانە پڕ بکەنەوە کە خاوەن خانووبەرەیەك دایان دەنێت.

دەتەوێت ببیت بە ئەندام یان زیاتر بزانیت، سەردانی socialdemokraterna.se بکە یان تەلەفۆن بۆ ژمارە 08-700 27 27 بکە

بۆ ئەوەی بۆ لاوان هاسانتر بکرێت کە خانووی خۆیان دەست بکەوێت دەمانەوێت کۆمەکێکی دەوڵەتی بخەینە گەڕ بۆ ئەو شارەوانیانەی کە دەیانەوێت ئەو شتە بە کار بهێنن کە پێی دەگوترێت گەرەنتی کرێخانوو (hyresgaranti). ئەمە بەو واتایە دێت کە شارەوانیی گەرەنتی دەکات کرێخانووەکە بدات بە خاوەن خانووبەرەکە ئەگەرهاتوو کێشەیەك هاتە ئاراوە.

## خانووبەرەی نوێ و زێدەتر کە پێمان دەکرێت

لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٢ دا ئێمەی سۆشیالدیموکرات بەڵێنمان دا کە ١٢٠ هەزار خانووبەرەی نوێ دابمەزرێنرێت لە ناو ئەم کاتی لەسەر حوکمبوونەدا. ئەم بەڵێنە هەر ئەوە نییە کە ببردرێتە سەر بەڵکو هەروەها لەوە زیاتریش دەکرێت. بەڵام هێشتا هەر ئەوە بەس ناکات. بۆ ئەوەی باشتر بتوانرێت پێداویستیەکانی خەڵك جێبەجێ بکرێت دەمانەوێت دامەزراندنی خانووبەرە هەر بەردەوام بێت – نە هەر بە تەنها خانووی بەکرێ.

بۆ ئەوەی بتوانین کە خانووبەرەی زێدەتر بە نرخی ماقووڵ دابمەزرێنین پێویستی بەوەیە کە ئابووری سوێد ڕێکخراو و لە جێی خۆیدا بێت و ڕێژەی سوو نزم بێت. بەڵام هەروەها سیستەمێکیش پێویستە بۆ هەڵگرتنی خەرجی دامەزراندنی خانووبەرە کە بەو مانایە دێت هەمووان بتوانن کرێخانوو، سوو و خەرجیی بدەن – ئێستاش و لە ئاییندەشدا. دەبێت دامەزراندنی خانووبەرەی نوێ هەرزانتر بکەوێت. ئێمە دەمانەوێت دژی مۆنۆپۆڵ (زاڵدەستیی) و کارتێل

(لە بنەوە ڕێککەوتنی شیرکەتەکان) لە کەرتی خانووبەرە و دامەزراندندا خەبات بکەین. ئێمە هەروەها دەمانەوێت خاکی دەوڵەتیی و شارەوانیی بخەینە بەردەست بۆ دامەزراندنی نوێ، پرۆسیسی پلاندانان کورتتر بکەین و هەروەها هەلگەلی دانیشتوانی شارەوانیەکان باشتر بکەین کە بەشداری لە دامەزراندنی خانووبەرەدا بکەن.

## ئێمە خانووبەرە و گەڕەکەماڵەکانمان تازە دەکەینەوە

تەنانەت ئەگەر ئێمە، لە بەراوورد لە چاو وڵاتانی دیکەدا، لە سوێد باش دەژین هێشتا هەر زۆر ماوە بکردرێت. بە زەحمەت دژایەتی لێکترازان دەکرێت. گەلێك خێزانی منداڵدار، نە هەر بەتایبەتی لە ناو کەسانی سوێدی پێشینە بیانیەوە، جێی ژیانیان تەسکە. ئێمە هەروها پێویستی گەورەمان بە تازەکردنەوە هەیە. لە ناو ئەو پازدە - بیست ساڵەی ئاییندەدا زیاتر لە نیو ملیۆن ئەپارتمێنت و خانووی بچووك تازە دەکرێنەوە، نە هەر بە تەنها لەو ناوچانەی پرۆگرامی ژینگە دەیانگرێتەوە. لە پێوەندی لەگەڵ تازەکردنەوەکاندا وا دەکرێت کە خانووبەرەی کۆنیش لە ڕووی سەرفکردنی وزەوە باشتر بکرێن.

## خانووی کرێ هەلێک بۆ هەمووان

بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕێگا لە لێکترازان بگیرێت ئەوە گرینگە کە فرە شێوەی جیاوازی خانووبەرە لە ناوچەکانی خانووبەرەماندا هەبن: خانووی کرێ، بوستادسرێت، خانووی کرێی هەرەوەزیی و خانووی بچووکی موڵکی.

دەبێت گەڕان بە دوای خانووبەرەدا هاسان بێت، دەبێت ڕوون بێت کام یاسایانە برەویان هەیە. پێویست بە خزمەتگوزاری باش هەیە بۆ ئەوانەی بە دوای خانووبەرەدا دەگەڕێن لە هەموو شارەوانیەکدا و وەڵامی توند پێویستە دژ بە هەڵاواردن لە بازاڕی خانووبەرەدا. دەبێت بە کرێگرتنی خانوو هەلێك بێت بۆ هەمووان. لەبەرئەوە ئێمە دەمانەوێت مافی هەمووان بۆ بەکارهێنانی خاکی گشتی (Allmännyttan) پێش بخەین – نەك بیفرۆشین. مافی هەمووان بۆ بەکارهێنانی خاکی گشتی گەرەنتیەکە بۆ هەبوونی خانووبەرەی کرێ، نە هەر بە تەنها لە ناوچەکانی شارە گەورەکانماندا.

**بەدیل (ئەڵتەرناتیڤ)**

سیاسەتی هاوپەیمانێتی بەرەی ڕاست بە ڕابەرایەتی مۆدێراتەکان دژ بە سیاسەتی ئێمە بۆ خانووبەرەی باش بریتیە لە سیاسەتێك بۆ کرێخانوویەك کە بازاڕ بڕیاری لەسەر دەدات بە فرۆشتنی خانووبەرەی کرێ و کەمکردنەوەی کۆمەکی کۆمەڵگاوە بۆ دامەزراندنی خانووبەرە. مۆدێراتەکان و هاوپەیمانیی بەرەی ڕاست ئەو سیاسەتەی هەیە کە چالاکی و بەشداری کۆمەڵگا کەم بکرێتەوە و مەرجگەلەکانی بازاڕ بەردەوام لە زیادبووندا بێت.

لە سوێدی هاوپەیمانیی بەرەی ڕاستدا تەنها خانووبەرەی قازانجکردوو دادەمەزرێت کە تەنها کرێنشینی قازانجلێکراو دەتوانێت تیایاندا بژی.

لە سوێدی ئێمەدا دەبێت هەمووان لەگەڵدا بن. تۆ چ سوێدێک هەڵدەبژێریت؟